## سپۆتلایت

# جولیا رۆبێرتس
# خاوەنی خەڵاتی ئۆسکار و سیحر لە نواندندا



ئاژەنیار



جولیا رۆبێرتس "Julia Roberts" ناوی تەواوی جولی فیونا روبێرتسە، لە ٢٨ تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ١٩٦٧ لە شاری "سمیرنا"ی ویلایەتی جۆرجیا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دایکبووە، دایک و باوکی لە بواری سینەما و شانۆ ئارەزوومەند بوونە، ساڵی ١٩٧٨ باوکی بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە کۆچی دوایی کرد، هەر لەمنداڵییەوە جولیا ئاژەڵی زۆر خۆشویستووە، بۆیە حەزی دەکرد لەبواری "فیتەرنەری" بخوێنێت، بەڵام وا رێکەوت کە لەبواری راگەیاندن بخوێنێت، دوای ئەوەی براکەی بەناوی ئیریک رۆبێرتس توانی سەرکەوتنێکی باش لەبواری سینەما لە هۆلیوود بە دەست بێنێت، جولیا بریاری دا لەبواری نواندن خۆی تاقی بکاتەوە، بۆ جاری یەکەمیش لە ساڵی ١٩٨٦ لە فیلمی "خوێنی سوور" رۆڵی بینی و لە ساڵی ١٩٨٩ ئەم فیلمە بەرهەم هات، لە ساڵی ١٩٨٨ لە فیلمی"Mystic Piz-za" توانی رۆڵ ببینێت، هەر لە هەمان ساڵیش لە فیلمی"Satisfaction" رۆڵی بینی و ئەم فیلمەی تا رادەیەک سەرنجی بینەرانی بۆ خۆی راکێشا.

جولیا لەدوای ئەم دوو فیلمەی توانی لە ساڵی ١٩٩٠ بەشداری لە فیلمی "ئافرەتە جوانەکە" "Pretty Woman" بکات کە بەیەکێک لە فیلمە هەرە بەناوبانگەکانی دەژمێردێت، هەر ئەم فیلمەشی بۆ خەڵاتی ئۆسکار کاندیدکرا و جولیا وەک باشترین ئەکتەر لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرا، هەرچەندە جولیا دواتر بەشداری لە چەند فیلمێکی جۆراوجۆر لە هەموو لایەنەکانەوە کرد، بەڵام خەڵک زیاتر جولیایان لەو فیلمانە خۆشویست کە رۆمانسی و کۆمیدی بوون.

فیلمی "خۆشەویستی سوور" بووە هۆی ئەوەی کە دەرگاکانی هۆلیوود بۆ جولیا رۆبێرتس بکرێتەوە، لەم فیلمەدا جولیا رۆڵی کەسێکی



سۆزانی دەبینێ کە عاشقی بزنسمانێک دەبێت، بەرامبەر بە پارە سێکسی لەگەڵیدا دەکات.

جگە لەم فیلمانە جولیا بەشداری لە چەند فیلمێکی دیکە کردبوو، لەوانە فیلمی "کچی هاوین" کە فیلمێکی سەرکەوتوو نەبوو و لەساڵی ١٩٨٧ بەرهەمهات، لە فیلمی "بیتزای پلاستیکی" کە لە ساڵی ١٩٨٧ بەرهەمهات، رۆڵی بۆیەکی پۆرتگالی بینی، رەخنەگران پێیان وابوو کە جولیا رۆڵێکی باشی لە فیلمەکەدا بینیووە. لەدوای سەرکەوتنی لە فیلمی "خۆشەویستی سوور"، بۆ ساڵی دواتر جولیا بەشداری لە فیلمی "خەوتن لەگەڵ دوژمن" کرد.

لەدوای ساڵی ١٩٩٦ بۆ هەر فیلمەک پارەی زیاتر بە جولیا دەدرا، هەر لە ١٠ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکییەوە لە فیلمی "ماری رایلی"، دواتر بۆ ١٢ ملیۆن دۆلار لە ساڵی ١٩٩٨ لە فیلمی "تیۆری پلانگێری"، دواتریش بۆ ١٥ ملیۆن دۆلار لەرێگەی فیلمی کۆمێدی "نوتنگ هیل"، ئەم فیلمە لە ساڵی ١٩٩٧ بەرهەمهات، تێیدا جولیا لەگەڵ هیو گرانتی ئەکتەری بەریتانی رۆڵی بینی، ئەم فیلمە بەیەکێک لە فیلمە کۆمێدییە رۆمانسییەکان دەژمێردرێت.



سەبارەت بە ژیانی سۆزداری جولیا ، لە ساڵی ۱۹۹۰ لەگەڵ ئەکتەری بەتوانا سترلاند ئەڵقەیان گۆڕییەوە، بەڵام ۳ رۆژ بەر لەوەی ئاهەنگی هاوسەرگیری خۆیان رابگەیێن، لەیەکتر جیابوونەوە، لە ساڵی ۱۹۹۳ جولیا ژیانی هاوسەری لەگەڵ هونەرمەندی گۆرانیبێژ لایل لوفیت پێکهێنا ، ئەم پەیوەندییە بۆ ماوەی ۲ ساڵ بەردەوامی هەبوو ، دەکرێ باس لەوەش بکرێت جولیا پەیوەندییەکی سۆزداری لەگەڵ دەرهێنەری ناوداری سینەمای هۆلیوود ستیڤ سپلبێرگ هەبوو ، لە کاتی وێنەگرتنی فیلمی "هۆک" لە ساڵی ۱۹۹۱.

ساڵانی ۱۹۹۳-۱۹۹۶ جولیا بەشداری لە چەند فیلمێک کرد، بەڵام فیلمەکان هیچ دەنگدانەوەییەکیان لەنێو ئارەزومەندان و رەخنەگرانی ئەم بوارەدا نەبوو، ساڵی ۱۹۹٦ لە رێگەی فیلمی "تیۆری پلانگێڕی" توانی ببیتە فیلمی پڕ داهاتی ئەمەریکی، دواتریش بەردەوامی بە سەرکەوتنەکانی دا لەرێگەی فیلمی "نوتنگ هیل" و فیلمی کۆمێدی "هاوسەرگیری هاورێی نزیک".

لە ساڵی ۲۰۰ جولیا بۆ رۆڵ بینینی کەسایەتی "ئایرین بروکوفیتش" لە فیلمێک کە سیناریۆکەی لە چیرۆکێکی راستەقینە وەرگیرابوو، بڕی ۲۰ ملیۆن دۆلاری پێ بەخشرا و ئەمە بووە جاری یەکەم کە ئافرەتێک لە هۆلیوود ئەم پارەیەی بۆ فیلمێک وەربگرێت.

جولیا رۆبێرتس لەرێگەی فیلمی "ئارین بروفیتش" کە باس لە دایکێکی بێوەژن دەکات لەگەڵ کۆمپانیاییەکی پیسکردنی ژینگە دەکەوێتە ململانێ، وەک باشترین ئەکتەری سەرەکی توانی خەڵاتی ئۆسکار بەدەست بێنێت، بۆ ئەم فیلمەشی ۲۰ ملیۆن دۆلاری پێبەخشرا.



لە ساڵی ٢٠٠١ بە رۆڵ بینین لەگەڵ جۆرج کلۆنی بەشداری لە فیلمی "تیپی ئۆشن ١١" کرد و توانی سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بێنێت، لە ساڵی ٢٠٠٤ بەشداری لە بەشی دووەمی ئەم فیلمە کرد بەناوی "تیپی ئۆشن ١٢" و توانی لە یەکەم رۆژی نمایشکردنیدا بری ٤٨ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی بەدەست بێنێت، هەر لەم ساڵەدا جولیا لە فیلمی "کلوزر- نزیکترە" رۆڵی بینی، ئەم فیلمە لە دەرهێنانی مایک نیکولاس و جودلو بوو، ناوەرۆکی باسی لە ژیانی سۆزداری دوو هاوسەر دەکرد.

لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٢ جولیا ژیانی هاوسەری لەگەڵ وێنەگر دانی مودیر پێکهێناو لە رێکەوتی ٢٨/١١/٢٠٠٤ جولیا جمکێکی بوو کە کچێک و کورێک بوون، بەم دواییەش پەیوەندییەکی سۆزداری لەگەڵ بێنجامین برات هەیە و قەسەی ئەوەش دەکرێت کە ئەم پەیوەندییەیان نەماوە.

زۆر کەس دەڵێن کە بەهێزی کەسایەتی جولیا رۆبێرتس لە بێ خەوشی و سازگارانەی تێروانینییەتی بۆ بەرامبەرەکەی و ئەو پێکەنینە جوانەی کە هەیەتی، دایە ئەمەش لە هەموو ئەکتەرێکی هۆلیوودی دا بەدی ناکرێت، هەندێکیش پێیان وایە کە جولیا گرنگییەکی زۆر بە پێستی خۆی دەدات و نوێترین تەکنیکی جوانکاری بۆ ئەم مەبەستە بەکاردێنێت، گۆڤاری خەڵک (People Magazine) بۆ ماوەی ٨ ساڵ وەک ٥٠ جوانترین ئافرەتی جیهانی دەستنیشانی کردووە.









له لایەکی دیکەوە جولیا ڕۆبێرتس بەم دواییە توانی پلەی دووەم لە دوای ئەنجێلنیا جولی ئەکتەری سینەمایی بەدەست بێنێت، کە زۆرترین پارە بۆ هەر فیلمێک وەردەگرن.




* گرنگترین خەڵاتەکانی ئەکتەر:

– خەڵاتی ئۆسکار وەک باشترین ئەکتەر لە ڕۆڵی لاوەکی لە فیلمی "درەختە پۆڵاینەکانی مەنگۆلیا" ١٩٨٩.

– خەڵاتی گۆلدن گلۆب وەک باشترین ئەکتەر لە ڕۆڵی لاوەکی لە فیلمی "درەختە پۆڵاینەکانی مەنگۆلیا" ١٩٨٩.

– خەڵاتی ئۆسکار وەک باشترین ئەکتەر لە ڕۆڵی سەرەکی لە فیلمی "ئافرەتێکی جوان" ١٩٩٠.

– خەڵاتی ئەکادیمیای بەریتانی وەک باشترین ئەکتەر لە ڕۆڵی سەرەکی لە فیلمی "ئافرەتێکی جوان" ١٩٩٠.

* فیلمەکانی ئەکتەر:

٢٠٠٦ The Ant Bully
٢٠٠٤ 'Ocean.s Twelve
٢٠٠٤ Closer
٢٠٠٣ Mona Lisa Smile
Confessions of a Danger-
٢٠٠٢ ous Mind
٢٠٠٢ Full Frontal
٢٠٠٢ Grand Champion
٢٠٠١ Ocean.s Eleven
٢٠٠١ America.s Sweethearts
٢٠٠١ The an Mexi
٢٠٠٠ Erin Brockovich
١٩٩٩ Runaway Bride
١٩٩٩ Notting Hill
١٩٩٨ Stepmom
١٩٩٧ Conspiracy Theory

١٩٩٧ My Best Friend.s Wedding

١٩٩٦ Everyone Says I Love You

١٩٩٦ Michael Collins

١٩٩٦ Mary Reilly

١٩٩٥ Something to Talk About

١٩٩٥ Before Your Eyes: Angelie.s Secret

١٩٩٤ Pret-a- Porter

١٩٩٤I Love Trouble

١٩٩٣ The Pelican Brief

١٩٩١ Hook

١٩٩١ Dying Young

١٩٩١ عام Sleeping with the Enemy

١٩٩٠ Flatliners

١٩٩٠ Pretty Woman

١٩٨٩ Steel Magnolias

١٩٨٩ Blood Red

١٩٨٨ Mystic Pizza

١٩٨٨ Baja Oklahoma

١٩٨٨ Satisfaction

١٩٨٧ Firehouse

